ئەم توێژینەوەیە بە دوو بەش لە دوو ژمارەی گۆڤاری ڕامان بڵاو کراوەتەوە. ژمارە (٢٩٢/٢٩١) ڕێککەوتی ١/٥-٢/ ٢٠٢٢، ژمارە (٢٩٤/٢٩٣) ڕێککەوتی ٥/ ٣-٤/ ٢٠٢٢. سەیری لینکی گۆڤارەکە بکە: www.raman-media.net

# دەستنووسە کوردییەکانی کتێبی «الأمثال و الحکایات»: چەند سەرنجێکی زارناسی

سوداد ڕەسووڵ[1]


## پوختە

دەستنووسە کوردییەکانی کتێبی **«الأمثال و الحکایات»** کە لە کتێبخانەی ناسیۆنالی فەرەنسی دۆزراونەتەوە، وەک کۆمەڵە دەستنووسێکی تازەدۆزراوەی نوێی پەخشانی کوردی بە زاری کوردیی ناوەندی، لە نێوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا بە ڕووداوێکی گرنگ وەسفی کرا، چونکە دەقەکان بە ژمارە زۆرن (پێنج بەرگ دەبێت، ژمارەی لاپەڕەکانی ٣٠٤٣ لاپەڕەیە) و بە مێژووی نووسینیان کۆنن، گوایە لە ساڵی ١٨١٢ نووسراون، ئەمە لە کاتێکدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەقی پەخشان بەم زارە کوردییە زۆر کەم و دەگمەن بووە. نووسەری ئەم دەقانە هێشتا دیار نییە، بەڵام ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە دەقەکانی ئەم دەستنووسانە، بە زمانێکی کوردی نووسراون کە لەو سەردەمە هیچ زارێکی کوردی ئەم تایبەتمەندییە زمانییانەی تێدا نەبووە: کۆمەڵێک پێکهاتەی ڕێزمانی و وشەی جیاوازی چەند زارێکی کوردی لەگەڵ یەک تێکەڵ کراون، وەک بڵێی نووسەرەکەی هەوڵی داوە لەم ڕێیەوە لە نێو زارە کوردییەکان زمانێکی هاوبەشی کوردی پێک بێنێت. ئەگەر لە ڕووی زارناسیی کوردییەوە سەرنجی ئەم دەقانە بدەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم جۆرە بزاڤە بۆ زمانی کوردی، دیاردەیەکی نوێیە و پێویستییەکی ناسیۆنالیزمی کوردی بووە بۆ زمان و نەتەوە، کە ئەم هەوڵانەش دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بە هیچ شێوەیەک ناگەڕێنەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەم، چونکە لەو سەردەمە لە نێو نووسەر و شاعیرانی کورد ئەم هەوڵانە لە ئارادا نەبووە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە ئەم دەقانە لەگەڵ چەند دەقێکی دیکەی پەخشانی کوردی بەراورد بکرێن کە هاوسەردەم بوون، لەم بەراوردە ڕوون بێتەوە ئەم دەقانە بەپێی فۆرم و شێوازی نووسینیان لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم نووسرابن نەک لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم.


1 - خوێندکاری دکتۆرا لە بواری پلانی زمان لە زانکۆی ساینس لە مالیزیا.

## پێشەکی

بڵاوکردنەوەی کتێبی «الأمثال و الحكايات» وەک دەستنووسێکی تازە دۆزراوەی پەخشانی کوردی بە زاری کوردیی ناوەندی (سۆرانی)، کە گوایە مێژووی نووسینی بۆ ساڵی ١٨١٢ دەگەڕێتەوە؛[2] لای زۆر لە توێژەران و نووسەران بە ڕووداوێکی گرنگ دادەنرێت لە مێژووی پەخشانی کوردیدا. ئەم دەستنووسانە لە لایەن دڵشاد هیوا و سەنا حەسەن بە ڕێککەوت لە کتێبخانەی ناسیۆنالی فەرەنسی دۆزراوەتەوە، کۆیان کردووەتەوە و خستوویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی.[3] ئەم کۆمەڵە دەستنووسە وەک لە پێشەکیی کتێبەکەدا هاتووە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی ژان لوی ئاسۆلان دو شێرڤیل(١٧٧٢- ١٨٢٢) کۆ کراوەتەوە، کە ناوبراو لە نێوان ساڵانی ١٨٠٦ تا ١٨١٦ لە کونسولخانەی فەرەنسی لە قاهیرە کاری کردووە، هەتا مردنیشی هەر لەوێ دەمێنێتەوە. لەم ماوەیە کە لە قاهیرە بووە، هەوڵی داوە دەستنووس بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان کۆ بکاتەوە، کە هەندێک لەم دەستنووسانە کتێبی «الأمثال و الحكايات» و «بحر الحكايات» و چەندین دەستنووسی دیکەیە. گوایە ناوبراو لە قاهیرە لە جامیعەی ئەزهەر ئەم دەقە عەرەبییانەی داوە بە چەند کوردێک بۆیان تەرجەمەی کوردی کردووە، تەرجومانە کوردەکان نەناسراون و ساڵی تەرجەمەکردنیشیان دیار نییە، بەڵام بەپێی مێژووی نووسینی، ساغکەرەوەی دەستنووسەکان ساڵی ١٨١٢ ی بۆ ڕێککەوتی نووسین و تەرجەمەکردنیان داناوە.[4]

ئەم دەستنووسە تەرجەمەکراوانە هەر لە قاهیرە ماونەتەوە، تا لە ساڵی ١٨٢٥ وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا ئەمانە و دەستنووسی دیکە بە زمانی جیاواز، بە یازدە سندوق دەگوێزێتەوە بۆ فەرەنسا و لە کتێبخانەی ناسیۆنالی فەرەنسی دەپارێزرێن.

بێگومان دۆزینەوەی ئەم دەستنووسانە بۆ زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی دۆزینەوەیەکی گرنگە، بەتایبەت ئەم زارە کوردییە دەقی پەخشانی بە درەنگەوە پێ نووسراوە؛ ئەو دەقانەش کە لە سەدەی نۆزدەم نووسراون عەقیدەنامە یان مەلوودنامەیەک بوون کە لە ڕووی ژمارەی لاپەڕەوە بە قەوارە بچووک بوون، بەڵام ئەوەی ئێستا دۆزراوەتەوە زۆریی ژمارەی

---

2 - ژان لوی ئاسۆلان دو شێرڤیل، کتاب الأمثال و الحكايات، دەستنووسێکی بڵانەکراوەی پەخشانی کوردی – سۆرانی، ١٨١٢ – قاهیرە، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: چەند وەرگێڕێکی نەناسراو، بەرگی یەکەم، ساغکردنەوە و پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسینی: دڵشاد هیوا، سەنا حەسەن، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر، ٢٠١٩.

3 - لە لایەن هەردوو ساغکەرەوەی دەستنووسەکان لە ڕێککەوتی ١٤ /٢٠١٩/١١ سەبارەت بە چۆنیەتی دۆزینەوەی دەستنووسەکان، لە ئەکادیمیای کوردی کۆڕێک پێشکەش دەکەن. هەندێک لە ئامادەبووانی ئەم کۆڕە، ئەم دەقە تازە دۆزراوانەیان زۆر بەرز نرخاند و وەک ڕووداوێکی سەدە وەسفیان کرد، کە ئەم دۆزینەوە ئەوەندە گرنگە ڕەنگە هیچ دۆزینەوەیەکی دی وەک ئەوە لەم سەدەیەدا لە مێژووی نووسینی کوردی نەبووبێت. نووسەرێکی دی لەم کۆڕە ئاماژەی بەوە دا کە ئەم دۆزینەوەیە وا دەکات جارێکی دی مێژووی زمانی کوردی بنووسرێتەوە.

4 - هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل.٧.

لاپەڕەکانی ئەم دەستنووسانەیە. کۆکەرەوەی دەستنووسەکان لە پێشەکییەکەی ئاماژەی پێ داوە کە نزیک بە ١٤ هەزار لاپەڕەی دەستنووس بە زمانی کوردیی ناوەندی و گۆرانی لە دوو توێی ٢٦ بەرگدا لە نێو ئەو دەستنووسانەدا هەیە، لەمانە ١٤ بەرگ بە کوردیی ناوەندییە و ١٢ بەرگیش بە زاری کوردیی گۆرانییە [5]

ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی سەرنجە ئەم دەستنووسە چاپکراوانە کە خراونەتە سەر ڕێنووسی کوردی وەک دیارە بە زاری کوردیی ناوەندی نووسراون، بەڵام دەقەکان کۆمەڵێک کێشەیان هەیە کە پێویستە لە ڕووی مێژووی نووسین و زمان و ناوەڕۆکەوە لە سەریان بوەستین و توێژینەوەیان لەسەر بکەین. زمانەکە لە ڕووی پێکهاتە و وشە و کەرەستەی ڕێزمانی تەواو کوردیی ناوەندی نییە، تێکەڵ کراوە بە چەند زارێکی دیکەی کوردییەوە، بە ڕادەیەک ئەوەندە تێکەڵ کراوە بە ئاسانی ناتوانی لە دەقەکان تێ بگەی، وەک بڵێی نووسەر هەوڵی داوە زارەکان تێکەڵ بکات و زمانێکی یەکگرتووی کوردی دروست بکات، کە ئەم جۆرە هەوڵانە لە زمانی کوردیدا لە سەدەی نۆزدەم باو نەبووە، بەڵکوو لە سەدەی بیستەم بە تایبەت دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، ئەم ڕەوتە هاتە نێو زمانی کوردییەوە، ئەویش بە ئامانجی یەکخستنی زمانی کوردی و بەرهەمهێنانی زمانێکی هاوبەشی کوردی بوو بۆ کورد.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین لە سەر ئەم دەقانە هەڵوەستەیەک بکەین و بە میتۆدی ئەکادیمی و لە ڕوانگەی زارناسیی کوردییەوە توێژینەوەی لەسەر بکەین بۆ ئەوەی ناسنامەی تەواوی ئەم دەقانە دەستنیشان بکەین، هەروەها لە ڕێی ناسینی دەقەکانەوە سەردەمی ئەم دەقە و مێژووی نووسینیشیان دیار بکەین.

لە پێشدا بەکورتی ئاماژە بە سەرهەڵدانی دەقی پەخشان بە زارە کوردییەکان دەکەین، دواتر دوو دەقی پەخشانی کوردی بە هەردوو زاری کوردیی باکوور و کوردیی ناوەندی لە سەدەی نۆزدەم نیشان دەدەین، ئەوجا دەقێکی «الأمثال و الحکایات» دەخەینە ڕوو، بە خوێندنەوەیەکی زارناسی دەقەکە شی دەکەینەوە، بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی دەقەکە و شێوازی نووسینی ڕوون بێتەوە کە ئەم دەقە لە چ سەردەمێک بەرهەم هاتووە.

## سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی بە زارە کوردییەکان

سەرهەڵدانی پەخشان بە زارە کوردییەکان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەمیشە بابەتێکی جێگای مشتومڕ بووە، کە ئاخۆ کورد کەی دەستی کردووە بە زمانی کوردی پەخشان بنووسێت؟ یەکەم دەقی پەخشان بە کام زاری کوردی بووە؟ ئەمانە و کۆمەڵێک لەم پرسانە هەمیشە هانمان دەدەن بە دوای دەستنووس و کتێبی کۆن بگەڕێین بە تایبەت ئەو دەقانەی کە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە کۆ کراونەتەوە لە کتێبخانەکانی دەرەوە پارێزراون، چونکە ڕۆژهەڵاتناسەکان پێش ئێمە، لە هەوڵی کۆکردنەوەی ئەم دەستنووسانەدا بوون.

---

5 – هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٩.

وەک ئاشکرایە زارە کوردییەکان بە درێژایی مێژوو بە جودا و دوور لە یەک گەشەیان کردووە، لە هەر سەردەمێک یەکێک یان دوو دیالێکیتی کوردی هاوکات لە کوردستان زمانی ئەدەبی بووە و شیعر و قەسیدە و داستانی پێ نووسراوە. کۆنترین زارێکی کوردی دەقی ئەدەبی پێ نووسرابێت زاری کوردیی گۆرانە، کە لە سەدەی چواردەمی میلادییەوە بە شیعرەکانی مەلای پەرێشان دەست پێ دەکات و پەخشانیش بە دەقە ئایینییەکانی یارسان، کە بەشێکی زۆری ئەم دەقانە لە سەدەی نۆزدەم نووسراون. دەقی ئەدەبیی شیعر بە زاری کوردیی باکوور لە سەدەی شازدەمەوە بە شیعرەکانی عەلی حەریری و فەقێ تەیران و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی دەست پێ دەکات، بۆ دەقی پەخشانیش، چەند دەقێکی کۆن هەیە، کۆنترینیان گوایە لە سەروبەندی سەدەی حەڤدەمی میلادییە کە لە لایەن عەلی تەرەماخی بە ناوی «صرف لسان کوردی» نووسراوە،[6] ئەم دەستنووسە لە ڕێی مەلا مەحموودی بایەزیدییەوە دەستی ئەلێکساندەر ژابا کەوتووە و ئەویش دەیبات بۆ کتێبخانەی پیتەرسبورگ لە ڕووسیا.[7] کتێبەکە شەرحی ڕێزمانی عەرەبییە بە کوردی. دووەم دەقی پەخشان بە کوردیی باکوور کتێبێکی پزیشکییە لە لایەن مەلا محەمەدی ئەرواسی، ئەم دەقە کتێبێکی حەکیم جالینۆسە لە عەرەبییەوە تەرجەمەی کوردیی باکوور کراوە، ساڵی نووسینی ئەم تەرجەمەیە بەوردی دیار نییە، بەڵام بەپێی زانیارییەکان لەبارەی ژیانی مەلا محەمەدی ئەرواسی لە دەوروبەری ساڵی ١٧٩٠ ژیاوە، ئەم تەرجەمەیش هەر لەم دەوروبەرە بووە.[8] دەقی دیکەی پەخشان بە کوردیی باکوور تەرکیب و زوروفی مەلا یونسی خەلقەتینیە (١٧٩١ مردووە) لە کۆتایی سەدەی هەژدەم نووسراوە، کە ئەویش شەرحی ڕێزمانی عەرەبییە بە کوردی. سەبارەت بە دەقی ئەدەبی بە دیالێکتی کوردیی ناوەندی، درەنگتر دەستی پێ کردووە بۆ سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە. شیعرەکانی مەلا محەمەدی هەزارمێردی ناسراو بە «أبن الحاج»(١٧٠٧ - ١٧٨٤) کە خەڵکی دێی سنجوێی سەر بە ناوچەی سەردەشتە. ناوبراو نامیلکەیەکی هەیە بە ناوی «مەهدی نامە»، کۆمەڵە شیعرێک یان نەزمێکی ئایینییە کە بە زاری کوردیی ناوەندی بە بنزاری موکریانی هۆنراوەتەوە.[9] هەر لەم سەروبەندە و لەسەر هەمان نەزمی ئایینی نامیلکەیەکی دیکەی شیعری بە ناوی «تذکرة العوام یان بەیتی ئەوەڵ و ئاخر» لە لایەن مەلا محەمەدی سیوچی(١٧٧٨ مردووە) نووسراوە کە خەڵکی گوندی

---

6 – دوکتۆر مارف خەنەدار، دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی، عەلی تەرەماخی، سەدەی حەڤدەمی زایین، چاپخانەی دار الزمان، بەغدا، ١٩٧١. ل ٧-١٤.

7 – کوردناسی هۆڵەندی میشیل لەیزینبێرگ لە توێژینەوەیەکی سەبارەت بەم دەقە پەخشانەی عەلی تەرەماخی پێی وایە بۆ سەدەی هەژدەمی میلادی دەگەڕێتەوە نەک سەدەی حەڤدەم. بڕوانە:

M. Leezenberg, Elî Teremaxî and the vernacularization of medrese learning in Kurdistan. Iranian Studies, 47(5). (2014. Pp. 713-734.

8 – تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، ل دۆر ئەدەبێ کرمانجی، بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، هەولێر، ٢٠٠٤. ل.١٩.

9 – مەلا محەمەدی حاجی حەسەن (ابن الحاج)، مەهدی نامە، لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردنی: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥. ل١٤.

«سیوچ»ی نزیک بانەیە. ئەم دوو دەقە شیعرییە بە بنزاری موکریانی هۆنراونەتەوە.[10] چونکە هەردوو شاعیر لە دوو گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتوون و شیوەزارەکەیان سەر بە بنزاری موکریانییە. دواتر لە قوتابخانەی شیعری بابان لە سەر دەستی نالی و سالم و کوردی، ئەدەبی کلاسیکی کوردی سەر هەڵدەدات و تەکانێکی گەورە بە نووسین بەم زارە کوردییە دەدەن. بۆ دەقی پەخشانیش، کۆنترینیان نووسراوێکی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە (١٧٧٩– ١٨٢٧م) بە ناوی «عەقیدەنامەی کوردی» تیایدا باسی عەقیدەی دینی ئیسلام دەکات بە زمانی کوردی بە زاری کوردیی ناوەندی «شێوەزاری سلێمانی».[11] بەپێی لێکدانەوەی ژیان و مانەوەی مەولانا لە سلێمانی، فەرهاد شاکەلی پێی وایە ئەم دەقە لە ساڵی ١٨١١ نووسرا بێت.[12] ئەو زمانەی کە ئەم عەقیدەنامەیەی پێ نووسراوە، بە زمانێکی پاراو و ڕەوانی کوردی باسی باوەڕەکانی ئیسلام دەکات. دەقی دووەمی پەخشان بەم زارە مەولودنامەی شێخ حوسێنی قازییە (١٧٩١ – ١٨٧٠م) کە ئەویش دەقێکی پەخشانە بۆ ساڵانی ١٨٦٠ دەگەڕێتەوە. ئەم مەلوودنامەیەش دەقێکی عەرەبییە و تەرجەمەی کوردی کراوە.[13]

بەم ڕیزبەندییە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی دەقی پەخشان بە کوردیی ناوەندی، عەقیدەنامەی کوردیی مەولانا، تا ئێستا بە کۆنترین دەقی پەخشانی کوردیی ناوەندی دادەنرێت، ئەمە تەنانەت ئەگەر دۆزینەوەی ئەم دەستنووسە نوێیانەش، کە لێرە باسی لێوە دەکەین، ڕاست بێت کە گوایە لە ساڵی ١٨١٢ نووسراون.

هەموو ئەم دەقانە، بە تایبەت دەقە ئەدەبییەکانی کە بە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردی (کوردیی باکوور و ناوەندی) نووسراون لە ماوەی سەدەی هەژدەم و نۆزدەم و هەتا دەگات بە سەرەتای سەدەی بیستەمیش، تایبەتمەندییەکانی هەردوو دیالێکتی کوردی پێوە دیارە و هیچ کام لە شاعیرانی ئەم دوو زارە، هەوڵیان نەداوە ئەم دوو زارە بە وشە و کەرەستەی ڕێزمانی تێکەڵ بە یەک بکەن، یان هەوڵ بدەن لەم تێکەڵکردنە زمانێکی هاوبەشی کوردی دروست بکەن.

بۆ ئەوەی بزانین پەخشانی ئەو سەردەمە چۆن بووە، دوو بڕگە وەک نموونەی دەقی پەخشانی کوردی بە هەردوو زاری کوردی وەردەگرین کە لە سەدەی نۆزدەم نووسراون. ئەمەی خوارەوە بڕگەیەکە لە عەقیدەنامەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیدا:

---

10 – مەلا محەمەدی سیوچی، تذکرة العوام یان بەیتی ئەوەڵ و ئاخر، لێکۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٩.

11 – محمدی مەلا کریم، "عەقیدەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندی"، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی هەشتەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨١. ل٢٠٠.

12 - Farhad Shakely, The Modern Kurdish Short Story, Uppsala University, Sweden, 2016. P.31.

13 – د. فەرهاد پیرباڵ، مێژووی وەرگێران لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٣٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢. ل٥٥.

**"پردی قیامەت کە پردێکە لە موو باریکترە، لە تیغ تیژترە، بە ئەمری خودای تەعالا دەینێنە سەر پشتی جەهەننەمی، ئەمر دەکەنە هەموان بە سەریدا ڕابوورن. هەر کەسێ بەهەشتی بێ، هێندێک وەک بروسکە، هێندێک وەک با، هێندێک وەک ئەسپی لنگ بە سەریدا ڕادەبوورن. هەر کەسێ جەهەننەمی بێ پێی هەڵدەخلیسکێ دەکەوێتە جەهەننەمەوە، خودای تەعالا وەهای پێ موقەدەرە هەر کەس لە دنیادا لەسەر ڕێگای شەریعەتدا چاتر ڕابووردبێ، لەسەر پردی قیامەتدا چاتر ڕادەبوورێ"[14]**

بڕگەیەک لە دەقێکی پەخشان بە کوردیی باکوور لە چیرۆکەکانی مەلا مەحموودی بایەزیدیدا:

**" حیکایەت دکەن، مەلایەک د کوردستانێدا هەبوو، ناڤێ «مەلا بازید»، ئەکسەری وەعز و شیرەت ددایە ئەکرادان، و ل مزگەفتێ نەسیحەت دکرن، و د وەعزێدا دگۆت: ئەی جەماعەتێ موسلمین، هەرچی کەسێ ژ وە دوو دەست جل و لباس هەبن، یەکی د ڕیا خودێدا بدەتە ژاران، هەرچی کەسێ ژ وە دوو نان هەبن، یەکی د ڕیا خودێدا بدەنە فەقیران، مەگەر ژنا مەلا بازید ژی هابوویە گوهداریێ، ئەڤ شیرەتێد مێرێ خوە دبهیستن، وەکو ڤەگەریا و چوویە مالا خوە، دوو دەست جلێ مەلا بازید هەبوون، یەک بەرشوو بوو، یەک دشوشتن، ئێ دنی بەر دکرن، ژنا مەلا بازیدی ئینان، ئەو دەستێ جلێد مەلای کو بەرشوو بوون، دایە ژاران و نیڤەکا نانێ حازر هەی، دایە فەقیران.[15]**

لەم دوو دەقە بە ڕوونی دیارە کە دەقی پەخشانی کوردی لەو سەردەمە هەر دیالێکتە و تایبەتمەندیی خۆی هەبووە هیچ کام لەم دوو دەقە هەوڵ نەدراوە دوو زار بە وشە و ڕێزمان تێکەڵ بکرێن. تەنانەت لە دەقی ئەدەبی شیعری و قەسیدەش ئەم هەوڵانە لای هیچ یەک لە شاعیرەکان لەو سەردەمە نەبووە. ئەگەر هەندێک شاعیری کلاسیکی جاروبار چەند وشەی زارێکی دیکەی کوردی لە شیعرەکانی بەکار هێناوە، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕەمەکی بووە، هەرگیز بۆ ئەوە نەبووە کە زمانیکی یەکگرتووی کوردی دروست بکەن. بۆ نموونە نالی لە هەندێک لە شیعرەکانی کۆمەڵێک وشەی بەکار هێناوە کە ئەمڕۆ ئەم وشانە لە بنزارەکانی پارێزگای سلێمانی نەماوە، زیاتر لە موکریانی، یان لە سۆرانیی پارێزگای هەولێر هەیە، یان هەندێکیان ئێستا لە کوردیی باکووردا ماون وەک ئەز، ئەتۆ، ئەمن، لەکن، دەبێژم، بڵا، بێن،.. تاد. ئەمانە هیچیان بۆ ئەوە نەبووە کە نالی هەوڵی دابێت زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی بۆ کورد دروست بکات، وەک کەریم شارەزا لە نامیلکەیەک لە سەر شیعرەکانی نالی ئاماژەی بەم باسە داوە.[16] ئەم زمانە شیعرییە بە شێوەیەکی ڕەمەکی بووە و بە ئەنقەست و بە پلان نەبووە. لە سەرنجدان لە دەقە کۆنەکانی سەدەی نۆزدەم نیشان دەدات ئەم وشە و کەرەستە

---

14 - محەمەدی مەلا کریم، "عەقیدەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندی. ل.٢٢١ – ٢٢٢.

15 - ڕەشید فندی، چل حیکایەتێد مەلا مەحموودێ بایەزیدی، ١٧٩٩-١٨٦٧، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤. ل.٩.

16 - کەریم شارەزا، نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، بەغدا، ١٩٨٤.

ڕێزمانییانە لەو سەردەمە لە شێوەزارەکەی شاعیر خۆی هەبووە و دواتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئێستا نەماوە.[17]ئەمە بەشێکە لە پرۆسەی گۆڕانی زمان کە هەندێک وشە لە زمان کۆن دەبێت و چیدی بەکار نایەت، یان هەندێک پێکهاتەی ڕێزمانی لە زمان ئاسانتر دەبێت و شێوە کۆنەکەی لە دەست دەدات.

لەو سەردەمە دەقی ئەدەبی، خۆڕسک بووە و هەڵقوڵاوی ئەو ناوچەیە بووە کە ئەو دەقە ئەدەبییەی لێ پەیدا بووە. زمان ئامرازێک بووە بۆ فێرکاری و گەیاندنی پەیامی دینی بە خەڵک، هەوڵ نەدراوە لە ڕێی زمانەوە خزمەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی بکرێت بۆ بەرهەمهێنانی زمانێکی هاوبەشی ئەدەبی، چونکە لە سەدەی نۆزدەم ناسیۆنالیزم نە بە بیر و نە بە شێوەیەکی ڕێکخراو هێشتا نەهاتووە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردی تا هەوڵی یەکخستنی زمان بدات.

## خوێندنەوەیەکی زارناسی بۆ دەقەکانی کتێبی «الأمثال و الحكايات»

کتێبی «الأمثال و الحكايات» کۆمەڵە دەقێکن، وەک دیارە کە بە زاری کوردیی ناوەندییە، بەڵام دیار نییە سەر بە کام بنزاری ئەم زارەیە. ئەگەر سەرنجی دەقە پەخشانەکەی مەولانا خالید بدەین دەتوانین بە ئاسانی دەستنیشان بکەین کە زارە کوردییەکەی بە بنزاری ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری نووسراوە، هەمان ئەو زمانەیە کە ئەوسا لە میرنشینی بابان لە سەدەی نۆزدەم زمانی ئەدەبی بووە، چونکە دەقە ئەدەبییەکانی قوتابخانەی شیعری بابان زادەی ناوچەی شارەزوور و شارباژێر و سلێمانییە، کە ئەم بنزارەی کوردیی ناوەندی لەو سەردەمە بوو بە زمانی ئەدەبی و دواتریش لە سەرەتای سەدەی بیستەم وەک زارێکی ستاندارد لە باشوور کوردستان پەرەی پێدرا. هەرچی دەقە دۆزراوەکانی کتێبی «الأمثال و الحكايات»ە، لەم شێوازە ئەدەبییە لای داوە و بە بنزارێکی ناوچەیی نووسراوە کە بە ئاسانی دەستنیشان ناکرێ کام بنزاری کوردیی ناوەندییە. لە خوارەوە چەند برگەیەک لەم دەقە پەخشانییە دەخەینە ڕوو، هەروەها لە ڕووی زارناسییەوەش شیکردنەوەی بۆ دەکەین:

**" کوڕە[18]، هێلانێکی لە بۆ خۆی چێ کردبوو، هێلکەی دەناودا کردن لەسەر ڕێبازی فیلی، فیلیش قاعیدەی وەها بوو کە هەموو ڕۆژێ بە وی ڕێبازیدا دەهاتە سەراوی. لە ڕۆژێکی لە ڕۆژان لە قاعیدەی خۆی ئەیبرێ، فیل هاتە سەراوی. دەناو ڕێبازی خۆیدا پێ لە هێلانی کڵاوکوڕەی نا و هەمووی خراپ و وێران کرد، هێلکەی دە وی هەموو شکاندن، هەر چە تێدا بوو هەمووی بە تەلەف برد. دەما کڵاوکوڕەی نواڕی، هێلانی دی کەوا فیلی چی دەگەڵ کردووە، لە پاشی ئەوەندە زەحمەتی بۆ خۆی پێوە بردبوو، هەر لە جێ زانی کە ئەو کار و کرداری فیلییە. غەیری وی پێ (ی) کەس ئەوهە نەکردووە. پاشی وی خەبەری، کڵاوکوڕە فڕی و هەتا**

---

17 – بۆ نموونە جێناوی کەسی سەربەخۆی (ئەز) کە ئێستا لە زاری کوردیی باکوور و گۆران – هەورامی هەیە و لە کوردیی ناوەندی نەماوە، لە سەدەی نۆزدەم لە دەقە شیعرییەکانی مەهدی نامە و تذكرة العوامدا هاتووە، هەروەها لە شیعرەکانی وەفایی و نالیش بەکار هاتووە، کە ئەمە بەڵگەیە ئەو کاتە ئەم جێناوە هەبووە.

18 – کوڕە یان کڵاوکوڕە: باڵندەیەکی پچکۆلەیە بەقەد چۆلەکەیەک دەبێ کڵاوێکی لەپەڕ بەسەرەوەیە.

**چووه سەر سەری فیلی بە گریان گریان، پاشی گوتی: ئەی پادشای من ئەوە چییە کە تۆی هەڵگرتووە سەراوی، کارێ کە تۆ پێت لە هێلانێ من ناوە و هەمووت وێران کردووە و هێلکەی دە من هەمووت شکاندون، بێچووی دە منت هەموو کوشتون، دەگەڵ پێلێنانی ئەوەندەت هەنەک بە من کردووە، ئەزت بە فەقیر حیساب کردووم و هیچ مولاحەزەی حاڵی منت نەکردووە. فیل گوتی: ئەوەیە ئەزی هەڵگرتم ئەسەر ئەوی کاری، وەهای گوت و ڕۆی. پاشی کلاوکوڕە وەرگەڕیا و هاتە کن پۆلی مورغان، شەکوای خۆی لە کن ئەوان کرد"[19].**

بڕگەیەکی دیکە لە دەقەکان:

**"پیاوی دەبەرێ گوتووە، مرۆیەک ڕابووری دەناو هەندەک ئەشکەوتانەوە لەوێندەرێ جێخەزێنێکی لە بۆ وەدەرکەوت، ئەرزی هەڵکەند، گەیشتە سەر چتێکی، بە عەمری خۆی چتی وەهای نەدیبوو، هەر کە هەڵی شکاوت ڕوانی کە خەزێنیکی یەکجار زۆر و زۆرداوە. دە دڵی خۆیدا گوتی ئەگەر ئەوەی خەزێنی دەرئینم، ببەم ماڵێ، وە حەرز بکەم، نەقڵ بکەم، کەم کەم زەمان لە من درێژ دەبێتن، ئەمن مەشغول بەوان بکا و ئەز لە نیوەی ئەوەی من مەنع دەکا لە لەزەتی و کەیفکردنی بەوەی، ئەما ڕای چاک ئەوەیە ئەز چەند پیاوێکی دە حەماڵ بەکرێ بگرم، دا لە بۆ منی بگوێزنەوە، بێننە ماڵی من"[20].**

کۆکەرەوە و ساغکەرەوەی دەقەکان دڵشاد هیوا، دەڵێت " لە ڕووی زمانی گێڕانەوەوە، دەقەکە زۆر زوو خۆی بەدەستەوە دەدات و هەر لە یەکەمین لاپەرەکانی سەرەتاوە، هەست بەوە دەکەین، کە بە شێوەئاخاوتنی سۆرانیی هەولێر نووسراوە، بەڵام هەولێرییەک، کە بارگاوییە بە ژمارەیەکی زۆر لە وشە و زاراوەی کرمانجی، لوڕی تا هەورامی و موکریانی و گەرمیانی، هەر بۆیە دەتوانرێ بگوترێ ئەم دەقە مۆزایکێکە لە زار و بنزارەکانی زمانی کوردی و نموونە و شێوەئاخاوتنی هەموو ناوچەکانی تێدایە، تەنانەت دەتوانرێ ناوی بنرێ، زمانی ستانداردی کوردی بەر لە دوو سەد ساڵ".[21] بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە، ئەگەر لە ڕووی ئاستەکانی زمانەوە لەم دەقە و دەقەکانی دیکەی ئەم کتێبە ورد بینەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم دەقانە شێوەئاخاوتنی هەولێر نییە، بەڵکو زیاتر بە شێوەئاخاوتنی موکریانی دەچێت، بەڵام موتوربە کراوە بە وشە و کەرەستەی ڕێزمانی بنزارەکانی دیکەی کوردیی ناوەندی وەک بنزاری سۆرانی(هەولێری)، گەرمیانی، سلێمانی، .. ئەوجا زاری دیکەی کوردی وەک کورمانجی و هەورامی و کەڵهوڕی.

بە شێوازی نووسینەکەیەوە دیارە کە نووسەرەکە(وەرگێڕەکە) کوردییەکەی لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسیدایە، چونکە کۆمەڵێک وشە و زاراوەی فارسی بەکار هێناوە زیاتر لە نێو ڕۆشنبیر و نووسەرانی کوردی ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)دا باوە کە پاشخانی ڕۆشنبیرییان بە فارسییە؛ هەندێک لەم وشە فارسییانە ئەمانەن: قاعیدە(ل٣٧ هەمان کتێب)،

---


19 – ژان لوی ئاسۆلان دو شێرڤێل، کتاب الأمثال و الحکایات. ل٣٧


20 – هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٢.

21 – هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٢٤

تەلەف(ل ٣٧)، مولاحەزە(ل ٣٨)، ئەسەر (ل ١١٧)، مورغان(ل ٣٨)، شکاوت (هەڵی شکاوت)(ل ٤٢)، غوسسە(ل ١١٧)، ڕاحەت(ل ١٢٨)، لوغەت(ل ٤٥)، دانشوەری(ل ٥١)، بەرڕەسی(ل ٤٧)، نیگاهکردن(ل ٥٠)، بەیان کردن (ل ٥٢)، ناگەهان (ل ٦٥)، خوانەندە(ل ٦٧)، سەعی(ل ٨٤)، عەکس(ل ٨٢)، مەردەکە(ل ٦٩)، زیندەگانی(ل ٨٦)، شەئن (ل ٨٧)، موزیر(ل ٨٨)، چەندانکە (ل ٩١)، میسل(ل ١١٨)، هەمشاری(ل ١٠٣)، ئەسباب(ل ١١٢)، دەفعە(ل ١١٤)، تەهیە(ل ١١٦)، قەرارگرتن(ل ١٢٨)، محاوەرە(ل ١٣١)، موکالەمە(ل ١٧١).. تاد ئەم وشانە لە زمانی کوردیی کوردەکانی ئێران باوە نەک لە باشوور، باشوور زیاتر لە ژێرکاریگەریی عەرەبیدایە.

دەقەکە بەگشتی لە ڕووی ئاستەکانی زمانەوە بە تایبەت ڕێزمانەوە زیاتر ڕێزمانی موکریانی بە سەردا زاڵە نەک هەولێری، ئەمە هەرچەندە بنزاری هەولێری لەگەڵ موکریانی نزیکی هەیە. لە خوارەوە هەندێک لەم تەیبەتمەندییانە ڕوون دەکەینەوە لەگەڵ دەقەکان بەراوردی دەکەین[22]:



**لاپەڕەیەک لە دەستنووسی کتێبی «الأمثال و الحاکایات»**

---

22 – مەبەست لە شێوەزاری هەولێری هەمان شێوەزار یان بنزاری سۆرانی کوردیی ناوەندییە کە لە پارێزگای هەولێر لە ناو شاری هەولێر و قەزا و ناحیەکانی قسەی پێ دەکرێ، شێوەزارە ناوچەییەکانی بەیەک دەچێت و ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە کە لێرە باس کراون.

گرنگترین تایبەتمەندیی شیوەزاری هەولێری و دەوروبەری، گۆڕینی فۆنێمی لامی قەڵەوی (ڵ)ە بۆ (ر)، وەک ماڵ دەبێت بە مار، خاڵ: خار، ساڵ: سار، حاڵ: حار.. کە ئەم تایبەتمەندییە لەم دەقانە بەرچاو ناکەون. لە موکریانی وەک خۆی بە لامی قەڵەوە، لەم دەقانەش هەر بە لامی قەڵەو ماوەتەوە. ئامرازی پەیوەندی (لۆ) و (کو) تایبەتە بە هەولێر و دەوروبەری کەچی لە هەموو دەقەکان ئەم دوو ئامرازە بەرچاو ناکەون، لە سەرانسەری دەقەکە (بۆ) و (چۆن) هەیە کە لە موکریانی و سلێمانیش هەمان شتە. پێشبەندی (دە، وەک دە دڵی خۆیدا، دە وی،..) لە دەقەکە بە فراوانی بەکار هاتووە، تایبەتە بە ناوچەی موکریان لە هەولێر وەک سلێمانی دەڵێن (لە). ئامرازی پەیوەندیی (دەگەڵ) بە فراوانی لە دەقەکە بەکار هاتووە تایبەتە بە ناوچەی موکریان، بەڵام لە شێوەزاری هەولێری(سۆرانی) دەڵێن لەگەر. هاوەڵکاری شوێنیی (دەناودا) تایبەتە بە موکریانی، لە هەولێر دەڵێن لە ناودا. هاوەڵکاری شوێنیی (لەکن) لە هەولێر هەیە، لە موکریانیش هەیە. چاوگی (گوتن) بە شێوەیەکی فراوان لە دەقەکە بەکار هاتووە تایبەتە بە موکریان، لە هەولێر دەڵێن گۆتن، لە سلێمانی دەڵین وتن. لە شێوەزاری هەولێری و دەوروبەری، زۆربەی کارە رانەبردووەکانی وەک: دەخوات، دەڵێت، دەڕوات، ... لە کۆتاییەکەی نوون(ن) ێکی بۆ زیاد دەکرێت و دەبێت بە دەخواتن، دەرێتن، دەکاتن، دەڕواتن... تاد لە شێوە ئاخاوتنی موکریانی ئەم (ن) ەی کۆتایی بۆ زیاد ناکەن هەر دەڵێن دەخوات؛ ئەم جۆرە کارە بەشێوە هەولێرییەکەشی لە هەندێک شوێن لە دەقەکان بەرچاو دەکەون، بەڵام موکریانییەکە زیاترە و زاڵە. کارە ڕابردووەکانی کە بە (وە یان ووە) کۆتایی دێت وەک هێناوە، ماوە، کراوە، کردووە، بردووە، لە موکریانی و سلێمانیدا هەیە، لە شێوەزاری هەولێر (سۆرانی) هەمووی دەگۆڕێت بۆ (یە): مایە، هینایە، کردیە، بردیە. لەم دەقانە ئەم وشانە هەمووی بە شێوە موکریانییەکەی بەکار هاتووە نەک هەولێرییەکەی. جێناوی کەسی سەربەخۆی یەکەمی تاک (تۆ) لە هەولێر دەڵێن (ئەتو)، لە موکریانی دەڵێن (ئەتۆ)، کەچی لە هەموو دەقەکە زیاتر (تۆ و ئەتۆ) هەیە. بۆ جێناوی کەسی سەربەخۆی کۆی: ئێمە، لە هەولێر دەڵێن: ئەمە، لە موکریانیش دەڵێن ئێمە، لە دەقەکان بە شێوە موکریانییەکەی هاتووە. جێناوی کەسی سەربەخۆی کۆی (ئەنگۆ) لە هەولێر و موکریان هەیە، لەم دەقە زیاتر ئێوە بەکار هاتووە، زۆر کەم ئەنگۆ هاتووە. دیفتۆنگی (وێ) لە کۆمەڵە وشەیەک لە سلێمانی و موکریانیدا هەیە وەک: خوێن، خوێندن، دژوێن، جوێن، خوێ، کوێ، دوێنێ،.. تاد بەڵام لە شێوەزاری هەولێری (سۆرانی) ئەم دیفتۆنگە نییە یان بە دەگمەن نەبێت لە وشە بە دەرناکەوێت بۆیە لە شێوەزاری هەولێری ئەم وشانە دەبن بە خین، خیندن، دژوون، جوون، خێ، کێ، دوونێ،.. لەم دەقە ئەم وشانە بە شێوەزاری موکریانی نووسراون وەک خوێن (ل١٦٨)، گوێ(ل١٨٤)، دەخوێنم(ل٧١)، گوێزان(ل١٠٦). هاوەڵکاری چەندێتی (هەندەک) لە هەولێر هەیە لە موکریانی دەڵێن هێندێک، لەم دەقانە هەردووکیان بە کار هاتوون. هاوەڵکاری شوێنیی(لەوێندەرێ) لە دەقەکان هاتووە، لە هەولێر هەیە و لە

موکریانییش هەیە. لە دەقەکان ئەوهە زۆر دووبارە بووەتەوە لە هەولێر هەیە و لە موکریانیش هەیە، لە دەقەکە دەستەواژەی: وەدەرکەوت هاتووە، لە هەولێر بۆ کەوت، واوی ناوەڕاست دەتوێتەوە دەڵێن بە دەرکەت، کە لە کورمانجیش بە هەمان شێوە دەتوێتەوە و بێژە ناکرێت، لە دەقەکان ئەم جۆرە وشانە بە شێوە موکریانییەکەی بەکار هاتووە. وشەی چت لە موکریان باوە لە هەولێر دەڵێن شت. دەستەواژەی: هەمووت شکاندوون، لە هەولێر دەڵێن: هەمووت شکاندییە. هەمووت کوشتون لە هەولێر دەڵێن: هەمووت کوشتینە. لەکن ئەوان کرد، لە هەولێر دەڵێن لەکنە وان کرد. ئەشکەوت لە هەولێر دەڵێن ئەشکەفت. لە ڕۆژێکی لە ڕۆژان لە هەولێر دەڵێن ڕۆژەک لە ڕۆژان. لە بۆ خۆی چێ کردبوو لە هەولێر دەڵێن لۆ خۆی دروست کردبوو. جێناوی کەسی سەربەخۆی تاک (ئەز) کە تایبەتە بە کوردیی باکوور(کورمانجی) لە سەرجەم دەقەکە بەفراوانی بەکار هاتووە، کە ئەم جێناوە نە لە هەولێری و نە لە موکریانیدا نییە ڕەنگە لە کۆن جاروبار بەکار هاتبێت، بەڵام بەو فراوانییە نەبووە کە لەم دەقە بەکار هاتووە. لە کوردیی ناوەندی ئێستا مەگەر لەو شوێنانە هەبێت کە ناوچەی پەڕینەوەیە بۆ کوردیی باکوور، واتە لەو شوێنە ئاخێوەرانی هەردوو زار لە یەک نزیک دەبنەوە. جێناوی کەسی دووەمی (وی) بە فراوانی بەکار هاتووە، کە لە کورمانجی هەیە و لە کوردیی ناوەندی لە بنزاری هەولێر و موکریانیشدا هەیە، بەڵام لە سلێمانیدا نییە، لە زمانی ستانداردی کوردیی ناوەندیشدا نییە.

لە بەراوردی ئەم تایبەتمەندییانەی شێوەزاری هەولێری و دەوروبەری لەگەڵ شێوەزاری موکریانی، بە ئاشکرا نیشان دەدەن کە ئەم دەقانە بە شێوەزاری هەولێری نەنووسراون، بەڵکو زیاتر بە شێوەزاری موکریانی نووسراون.

بێجگە لەم تایبەتمەندییە شێوەزارییە، ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنج و مایەی سەرسووڕمانە لە سەرانسەریی دەقەکان کۆمەڵێک کەرەستەی ڕێزمانی و وشەی زاری کوردیی باکوور (کورمانجی) تێدا بەکار هاتوون کە ئەمانەن: ئەز، دەما (ل ٥٠)، لەورا (ل ٣٩)، چێ کردن (ل ٣٧)، ئەز هشیارم (ل ٤٩)، هەنەک (ل ٣٨)، دەرئینم (ل ٤٢)، بهێن، بەهنکردن (ل ٨٧)، دەحبینم (ل ١٥٠)، دەبێژین (ل ١٦١)، هێڤی (ل ١٦٠)، دا وەکی (ل ١٦١)، مەزن (ل ١٦٣)، شول (ل ١٨٦)، هاوێت (ل ١٢٧)، ڕابوو (ل ١٣٣)، مرۆڤ (ل ١٤٣) ڕازا (ل ١٤٣)، دا بزانین (ل ١٧٩)، ماڵی خوە (ل ١٧٠)، دە وی وەختێدا (ل ٦٨)، دەفرۆتن (ل ٥٦)، ڕۆنیشت (ل ١٠٣)، کەنگێ (ل ١٠٣)، دلی وی سوت (ل ١١٤)، لە وی دەمیدا (ل ١١٩) ... تاد

بێجگە لە کورمانجی، هەندێک وشەی شێوەزاری گەرمیانییشی تێدایە وەک گەڕیا، گەڕیان (ل ١٤٣)، بنزاری سۆرانیی کۆیەشی تێدایە لە هەندێک وشە وەک خوندی (ل ٤٥)، خون (ل ٩٩)، کە لە موکریانی و سلێمانی دەبێت بە: خوێندی، خوێن، لە هەولێرییش دەبێت بە خیندی، خین . لە یەک پەرەگراف ئەم وشانە بە دوو شێوەزار بەکار هاتوون.

کەواتە دەقەکە بە گشتی بە پێکهاتەی ڕێزمانی و دەنگسازی، بنزاری موکریانی زیاتر بەسەردا زاڵە نەک هەولێری، بەڵام نووسەرەکە زمانەکەی بە چەند شێوەزار و بنزاری

کوردیی ناوەندیی وەک هەولێری و گەرمیانی تێکەڵی کردووە، و جاروباریش بە کەڵهوڕی و کورمانجییش موتوربە کراوە.
لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش، ئایا ئەم زمانە یان ئەو بنزارە تێکەڵە لە زاری کوردیی ناوەندیدا هەیە؟ یان نووسەر خۆی بە ئەنقەست ئەم شێوەزارانەی تێکەڵ کردووە؟ لە بەراوردی زار و شێوەزارەکانی کوردیی ناوەندی، شێوەزارێکی لەم شێوەیە بەرچاو ناکەوێت، ناتوانین بڵێین ئەو شێوەزارە دوو سەد ساڵ پێش ئێستا هەبووە، لەم ماوەیەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە ئەمە مەحاڵە لە ماوەی دوو سەد ساڵ ئەو گۆڕانە گەورەیە بە سەر زماندا بێت. چونکە ئەگەر سەیری دەقەکانی دوو سە ساڵ پێش ئێستا بکەین لە دەقە پەخشانەکانی کوردیی ناوەندی و باکوور، لە شیعرەکانی مەهدی نامەی مەلا محەمەدی هەزارمێردی، لە شیعرەکانی بەیتی ئەوەڵ و ئاخر «تذکرة العوام»ی مەلا محەمەدی سیوچی، هەردوو شاعیر بە شێوەزارێکی موکریانییان نووسیوە هەوڵیان نەداوە زارەکان تێکەڵ بکەن، بە موکریانییەکی ڕەوان نووسراون. عەقیدەی نامەی مەولاناش کە بە شیوەزاری سلێمانی و دەوروبەری نووسراوە، ئەویش شتێکی وای تێدا نییە کە هەوڵ بدات زارەکان تێکەڵ بکات. لە دەقەکانی کوردیی باکووریش (کورمانجی) دەقی شیعری و پەخشان لە سەدەی نۆزدەم ڕەوتێکی وا لە زماندا نەبووە، بۆیە ئەمە زیاتر ڕێی تێ دەچێت وەرگێڕ یان نووسەری ئەم دەقانە خۆی ئەم زمانەی ساز کردووە و خۆی ویستویەتی بەو زمانە کوردییە تێکەڵە بنووسێت. لێرە ئەو پرسیارە دێتە پێش ئایا بۆچی وای کردووە و بە چ ئامانجێک ئەو زارانەی تێکەڵ کردووە؟ ئەمە لە کاتێکدا لە سەدەی نۆزدەم ئەم جۆرە زمانە بۆ ئەو کاتە پێویست نەبووە، یان بۆی هەیە ئەم نووسەرە لە سەدەی نۆزدەم نەژیاوە و دەقەکانیش هی سەدەی نۆزدەم نین، چونکە ئەم جۆرە هەوڵە لە سەدەی بیستەم بە تایبەت لە سییەکان و چلەکان هاتە ناو زمانەکەوە، کە پێویستییەکی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو؛ نەتەوە زمانێکی هاوبەشی گەرەک بوو، بۆ ئەمەش هەوڵ دەدرا جیاوازیی نێوان زارەکان کەم بکرێتەوە، بۆیە زاری کوردیی ناوەندیی بە وشە و زاراوە بە زارەکانی دی موتوربە دەکرا، یان هەندێک جار هەر بە ئامانجی نزیکبوونەوەی ڕێزمانی هەردوو زاری کوردیی ناوەندی و باکوور، پێکهاتە و کەرەستەی ڕێزمانیش دەهاتە ناو کوردیی ناوەندی، لە هەمان کاتدا هەوڵی پەتیکردنی زمانەکەش دەدرا بۆ ئەوەی پاکسازی بکرێ لە وشە عەرەبییەکان، ئەم ڕەوتە هەتا ئێستاش لە ناو زمانەکە هەر بەردەوامە، چونکە لە دوای دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم زمان لەو سەردەمە دەیەوێ خۆی لەگەڵ داواکاری و پێویستییەکانی ناسیۆنالیزم بگونجێنیت. وەرگێڕی کتێبی «الأمثال و الحکایات» بۆ کوردی، کە وەرگێڕەکەی نەناسراوە، هەمان هەوڵی داوە، لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە بە زمانێکی کوردیی پەتییش بنووسێت، کەمتر وشەی عەرەبی بەکار هێناوە.
شایەنی گوتنە، وەرگێڕی ئەم دەقانە لە تێکەڵکردنی زارەکان هیچ داهێنانێکی نەکردووە، کۆمەڵە دەقێکی بەرهەم هێناوە لە ڕووی ڕەوانبێژی و ئیستاتیکاوە لاواز، و لە رووی

ناوەڕۆکەوەش کاڵ و کرچن؛ دەکرێ بڵێم دەقێکی نامۆ و دەستکرد بەرهەم هاتووە کە تاموچێژی هیچ زارێکی کوردی پێوە دیار نییە، خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم دەقانە ناتوانێت بە ڕەوانی و بە ئاسانی لە مانا و مەبەست و پەیامەکانی ناو چیرۆکەکان تێ بگات، زمانەکەی سەرنجکێش نییە، ناتوانی لە خوێندنەوەی بەردەوام بێ و تام لە چیرۆکەکان وەرگرێ، کەچی دەقەکانی دیکەی سەدەی نۆزدەم زۆر بە ئاسانی دەتوانی لە هەمووی تێ بگەی کە بە زاری کوردیی ناوەندی و باکوور نووسراون. بۆیە لێرە دەکرێ گومان بخەینە سەر ئەو مێژووەی بۆ نووسینی ئەم دەقانە دانراون کە گوایە لە ١٨١٢ نووسراون. ئەم دەقانە بە هەموو پێوەرەکانی پێشکەوتن و گۆڕانی زمان نابێ دەقێکی سەرەتای سەدەی نۆزدەم بن، بەڵکوو زیاتر بە دەقێکی سەدەی بیستەم دەچن.

زمانی کوردیی ناوەندی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا تازە دەستی پێ کردبوو، تەنیا زمانی شیعر و دەقی سادەی پەخشانی دینی بوو؛ هێشتا زمانێک نەبووە ئەم هەموو هەزار لاپەڕەی پێ تەرجەمە بکرێت. دەقی نووسراو و تەرجەمەکراو لە هەموو زارەکان لە سەدەی نۆزدەم لە ڕووی قەوارەوە بچووک بووە و چەند لاپەڕەیەک بووە، تەنیا بۆ ئامانجی فێرکاری ئایینی بووە، لە عەقیدەنامە و مەلوودنامە و شەرحی ڕێزمانی عەرەبی و فەرهەنگۆکی عەرەبی – کوردی وەک لوغەتنامەی ئەحمەدی و چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری زیاتر نەبووە، چونکە گەشەی ئابووری و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی کە کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگی و عەشایەری بووە، پێویستی بۆ زمان هەر لەو ئاستەدا بووە. تەنانەت ئەو کتێب و نامیلکانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش بە هەردوو زاری کوردیی نووسراون ئەوانیش زۆر سادەن.

دوای ئەوە، لە سییەکان زمان دەبێت بە ئامرازێک بۆ گەشەپێدانی ناسیۆنالیزمی کوردی، هەروەها خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان دێتە پێش، ئەوجا زمانەکە بەرە بەرە پێش دەکەوێت و کتێبی پێ دەنووسرێ و چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. لە ساڵی ١٩٣١ بۆ یەکەم جار لە لایەن ئەمین زەکی بەگ، کتێبێکی گەورەی وەک «خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان» بەم زارەی کوردیی ناوەندی نووسرا. نووسینی ئەم کتێبە قەوارە گەورەیەش، کە نزیک بە هەزار لاپەڕە دەبێت، بۆ ئەو کاتە پێویستییەکی نەتەوەخوازی کوردی بووە بۆ نووسینەوەی مێژووی نەتەوەیەک.

لەم قۆناغەدا، واتە لە چلەکان و پەنجاکان و شەستەکان بە دواوە لە لایەن نووسەرانی کورد هەوڵ دەدرێ هەردوو زار لە یەک نزیک بکرێنەوە یان هەردوو زار وشە و زاراوە بدەن بە یەک بۆ ئەوەی زمانێکی هاوبەش بۆ کورد پێک بێت. لە هەمان کاتدا بۆ دوورکەوتنەوە لە کاریگەریی زمانی عەرەبی، زمانی کوردیی بەتوندی پەتی دەکرێ و وشە عەرەبییەکان لادەبرێن و وشەی کوردی لە جێگە دادەنرێت و زمانێکی کوردیی پەتی بەرهەم دێت. ئیدی لەم قۆناغە بە دواوە، زمانی کوردیی ناوەندی شێوە و فۆرمی خۆی وەردەگرێت. ئەگەر لەم ڕوانگە گۆڕانە زمانییە سەیری ئەم دەقانە بکەین، بۆی هەیە ئەم دەقانە لەم قۆناغەی دوایی زمانی کوردی نووسرا بن، زۆر ئەستەمە بۆ سەرەتایی سەدەی نۆزدەم بگەڕێنەوە.

## ئەنجامی باس

کتێبی «الأمثال و الحکایات»، کۆمەڵە دەقێکی تازە دۆزراوەی پەخشانی کوردییە بە زاری کوردیی ناوەندی، کە لە بنچینەدا کۆمەڵە چیرۆکێکن لە عەرەبییەوە تەرجەمەی کوردی کراون و گوایە لە ساڵی ١٨١٢ نووسراون، و دواتر لە قاهیرەوە بۆ کتێبخانەی ناسیۆنالی فەرەنسی گوێزراونەتەوە و ئێستا لەوێ پارێزراون. بە وردبوونەوە لە پێکهاتەی زمانی دەقەکان، ڕوون دەبێتەوە کە ئەم دەقانە لە لایەن کەسێکەوە تەرجەمەی کوردی کراون کە سەر بە شێوەزاری موکریانیی زاری کوردیی ناوەندییە، زمانەکەشی لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسیدایە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، نووسەری دەقە کوردییەکان، بە زمانێکی کوردی ئەم دەقانەی نووسیوە کە لە سەدەی نۆزدەم لە هیچ زارێکی کوردی ئەم شێوازە لە نووسینی پەخشاندا نەبووە. نووسەر هەوڵی داوە وشە و زاراوەی چەندین زار تێکەڵ بەیەک بکات، زمانێکی نامۆی کوردی دروست کردووە کە خوێنەری کورد بە ئاسانی ناتوانێت لە مەبەست و ناوەڕۆکی چیرۆکەکان تێ بگات، وەک بڵێی هەوڵی داوە زمانێکی یەکگرتووی کوردی لە نێو زارە کوردییەکان بەرهەم بێنێت. دیار نییە بە چ ئامانج و مەبەستێک نووسەر یان وەرگێڕی ئەم دەقانە ئەم کارەی کردووە؟ ئەمە لە کاتێکدا لە سەدەی نۆزدەم ڕەوتێکی لەم شێوەیە لە زمانی کوردیدا نەبووە. لە سەدەی بیستەم دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم بە تایبەت لە سییەکان و چلەکان، هەوڵ دەدرێ زمانێکی هاوبەشی کوردی بە تێکەڵکردنی وشە و کەرەستەی ڕێزمانی چەند زار ئەو زمانە بەرهەم بێت، بۆیە ئەم هەوڵە بۆ سازکردنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی، لە قۆناغی دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم هاتە نێو زمانی کوردییەوە. هەر لەسەر ئەم بنەڕەتە، بۆی هەیە ئەم دەقانەش لەم سەروبەندە لە سەدەی بیستەم نووسرابن نەک لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم. وەک دیارە ئەم باسە بابەتێکی پرسهەڵگر و ئاڵۆزە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، چونکە ناکرێ ئەم دەقە نامۆیانە، کە نووسەری دیار نییە و شێوازی زمانە کوردییەکەشی دیار نییە و نامۆیە، بکرێن بە دەقی ڕەسەن و کۆنی دەستپێکی مێژووی پەخشانی کوردی.